# نەورۆزت پیرۆز سەرۆكی وەزیران
# بەرپرسانی حكومی و حزبی وڵاتەكەم ساڵی تازەی كوردیتان پیرۆز

**محەمەدی مشیر**

بەرێز، بە بۆنەی جەژنی میللی نەورۆز و نوێبوونەوەی ساڵی كوردی، لە تەلەفزیۆنی زاگرۆسدا وتەیەكتان ئاڕاستەی ئەو جەماوەرە كرد كە ئێوە سەرۆكایەتی كابینەی پێنجەمی دەكەن و، بەرامبەر بە رای گشتی ناوچەكەو نێودەوڵەتیش لە پرسە چارەنووسسازەكاندا نوێنەرایەتیان دەكەن.
لە وتەكەدا ئاماژەت بە وتەیەكی جۆن كەنەدی، سەرۆكی كۆچكردووی ئەمریكا،كرد كە باس لەوە دەكا كە خەڵك بەرلەوەی بیر لەوە بكاتەوە كە حكومەت بۆ ئەو چی پێدەكرێ، پێویستە لە خۆی بپرسێ كە" خۆی چی پێدەكرێ بۆ وڵاتەكەی"..
ئەمە وتەیەكی لۆژیكی زۆر دروستە و گوزارشت لە خاڵێكی گەوهەری دەكات كە پێویستە لە هزری تاكەكانی هەر نەتەوەیەكدا هەبێ تاكو بتوانێ تەواوی مافە رەواكانی دەستەبەر بكاو ئارمانجەكانی بهێنێتەدی،ئەو خاڵە گرنگە هۆشیاری نەتەوەیی و هەستی نیشتمانپەروەرییە. جگە لەم خاڵە، وتەی ناوبراو ئاماژە بە لایەنێكی دیكە دەكات كە بایەخی لەوەی یەكەمیان كەمتر نییە، ئەویش شێوازی پەیوەندی نێوان خەڵك و دەسەڵاتە.
بێگومان هەر گەلێك بیەوێ لە كارەكانیدا سەركەوتووبێ پێویستە خەڵكەكەی لە بەرامبەر بەو داواكارییانەی لە دەسەڵاتی دەخوازن ئەركەكانی سەرشانیشیان بزانن.
رۆشنە كە درككردنی خەڵك بە راپەڕاندنی ئەركی سەرشانیان هۆشیاری نەتەوەیی و هەستی بەرزی نیشتمانپەروەری گەرەكە، ئەمەشیان كاری بێووچان و كۆششی بەردەوامی ئەو دەسەڵاتەی گەرەكە كە خەڵك دەنگی پێداوە تا ئاستی ئەو هۆشیاریی‌و خۆشەویستی نیشتمانە بەرزتر بكاتەوە و یەكڕیزی و تەبایی نێوان چین و توێژە هەمەڕەنگەكانی وڵاتیش بپارێزێ و پتەوتری بكا..پاراستنی ئەو یەكڕیزی و تەباییە بە سەقامگیركردن و پتەوكردن و بەرزكردنەوەی ئاستی ئەو هۆشیارییە دێتە بەرهەم، كە ئەمەشیان ئەركی هەرە لە پێش و هەمیشەیی هەر كەسایەتیەكی سیاسی دڵسۆزی ئەو نیشتمانەیە كە پێی دەڵێن (كوردستان)، جا ئەو كەسایەتییە چ لێپرسراوێكی باڵادەستی حكومی بێ، چ سەركردەیەكی حزبی بێ، چ كە سایەتیەكی رووناكبیر، چ رۆشنبیرێكی نیشتمانپەروەری سەر بەخۆ و بێلایەن.
بەڵێ سەرجەم تەوەرەكانی ئەم باسە پەیوەندیەكی دیالیكتیكیانەی پتەو بە یەكیانەوە دبەستێتەوەو، لاوازی تەوەرێكیان كەم تا زۆر، راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، تەوەرەكانی دیكەی پەیوەندیەكە لاواز دەكا و پێچەوانەش دروستە.
بەرێز سەرۆكی وەزیرانی حكومەتی كوردستانەكەم، دەسەڵات لە ئاست راپەڕاندنی ئەركەكانیدا چەندە پەرۆشی خەڵك بێت، خەڵكیش بە هەمان ئەندازەو بگرە پتریش پەرۆشی سەركەوتنی دەسەڵات دەبن لە راپەڕاندنی كارەكانی ئەستۆیدا.دەسەڵات چەندە خەمساردو سست بێت لە بە جێگەیاندنی گفت و بەڵێنەكانیدا، خەڵكیش بە هەمان ئەندازە بێ متمانە و بێ باوەڕ دەبن بەو دەسەڵاتە. دەسەڵات چەندە كاربكات بۆ بەرزكردنەوەی هەستی وڵاتپارێزی و نیشتمان دۆستی، خەڵكیش ئەوەندە دڵسۆزی دەنوێنن و ئەركەكانیان لێپرسراوانەتر جێبەجێدەكەن. ئاستی هۆشیاری خەڵك چەندە لاواز و نزم بێت، بە هەمان ئەندازەش كۆسپ لە بەردەم راپەڕاندنی پلانەباشەكانی دەسەڵاتدا قوتدەبنەوە، ئەگەرچی دەستەی دەسەڵاتیش لەو پەڕی هۆشیاری و دڵسۆزیدا بن.بەرپرسانی وڵات چەندە خەمخۆری كێشە چارەنووسسازەكانی خەڵك بن و بە سەرچاوەی بڕیارەكانی

بزانن، خەڵکیش بە هەمان ئاست پابەندی ئەو دەسەڵاتە دەبن و داکۆکی لێدەکەن.کاربەدەستانی وڵات چەندە بیر لە بەرژەوەندی تایبەت بکەنەوە، ئەوەندەش خەڵك بیر لە گیرفان و دابینکردنی دەسکەوتی تایبەتی خۆیان دەکەنەوە...

بەڕێزم، وەك دەبینی هەموو تەوەرەکانی باسەکەمان بە یەکەوە گرێدراون، بۆیە پێویستە سەرجەم ئەندامانی دەسەڵات بەر لە خەڵك، لە خۆیان بپرسن:

بۆچی ئەم هەست و خۆشەویستییە لەلای خەڵکی ئێمە لاوازە، چ هۆکارێك ئەم هەستەیانی لاوازترکردووە؟؟ چ هۆکارێك بڵێسەی مەشخەڵی کۆڵنەدانی خەڵکی ئێمەی خامۆش کردوە، کێ فێری کردن داوای هەموو شتێك بکەن بەڵام ئامادەش نەبن هیچ ئەرکێك بگرنە ئەستۆ؟؟ کێن ئەوانەی بەرامبەر نزمبوونەوەی ئاستی ئەو هۆشیاری نەتەوەیی ونیشتمانپەروەرییە و پێنەگەیشتنی خەڵك بەرپرسیارن؟؟ بۆچی کەلێنی نێوان خەڵك و دەسەڵات تادێ فراوانتردەبێ؟...

گومانم نییە ئۆباڵی ئەمە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی تەواوی بەرپرسە حکومی و حزبییە باڵا دەستەکانی کوردستان، بە شێکی بچووکی بەر حزب و رێکخراوەکانی دیکە دەکەوێ و، خودی خەڵکیش تا رادەیەك بە هۆی شێوازی کارکردی حکومەت و حزب لەم بوارەدا خەمساردبوون و وەکو جاران بایەخی پێنادەن، بەڵام بە درێژایی ئەزموون و مێژووی گەلانی جیهان هەمیشە ئەمە سەلماوە کە هەر نوشستی و شکستێك ئۆباڵی دکەوێتە ئەستۆی بەرپرسان و سەرکردەکانی ئەم گەلە و، هەر پێشکەوتنێکی کۆمەڵگە و خەڵکیش پابەندە بەکارایی و هەوڵە نوێخوازەکانی دەسەڵات.

لە وتەکەدا دەپرسن ئاخۆ بۆچی جەماوەری ئێمە لە خۆی ناپرسێ کە بۆ وڵات و حکومەتەکەی چی پێدەکرێ؟ وەڵامەکە هەروەك لای تۆ، لای منیش رۆشنە کە رێگای هەزار میل بە هەنگاوی یەکەم دەستپێدەکا.بۆیە بۆ گەیشتن بە مەبەست پێویستە سەرەتا خەڵکی ئێمە هەست بەوە بکات کە دەسەڵاتەکەی دەیەوێ رێڕەوی هەنگاوەکانی بگۆڕێ و چیتر جەماوەر لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا پەراوێزناکا. بۆ ئەمەش لە رێگای دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە نەبێ ئاستەمە لە رێگایەکی دیکەوە بێتە دی.هەنگاوی یەکەمی ئەو رێگایە درێژە بە پرسیاری:من أین لك هذا؟ دەست پێدەکا.هەر کاتێ خەڵکی ئێمە هەستی بەمە کرد، ئەو کاتە وەکو چەسپ بە دەسەڵاتی وڵاتەکەیەوە دەنووسێ و بۆ چرکەیەکیش لێیدانابڕێ و فێرە خۆشەویستی نیشتمان دەبێ. بەڵام کاتێ کەس بەمن نەڵێ ئەرێ فلانی تا دوێنێ فەرمانبەرێکی بچووکی حکومەت بوویت خێرە ئەمڕۆکە بەڕێوەبەری گشتی و پسپۆریت؟ ئەرێ کاکە تا دوێنێ بستێك زەویت نەبوو، بە دەست ژیانی کۆڵەمەرگی کرێچیاتییەوە گرفتاربوویت، خێرە ئەمڕۆکە لە پەنای حزبایەتی و خزمایەتییەوە بوویتە خاوەنی دوو دەست ماڵ و سێ چوار پارچە زەوی؟ بەڵێ بەرێزان تا بە(س) نەڵێین ئەوەت لەکوێ بوو،ناکرێ لە(ص)یش بپرسرێ کە چی بۆ وڵاتەکەی پێدەکرێ ؟.بۆیە لە کۆتاییدا زیاتر لە کاتتان ناگرم و دووبارە دەڵێم نەورۆز و ساڵی تازەی کوردیتان پیرۆز .